بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ

# پەیڕەو و پرۆگرامی
# پارتی سەربەستیی کوردستان

**پەسندکراوی سەرکردایەتیی کاتی پارتی سەربەستیی کوردستان**
**هاوینی (٢٧٠٦)ی کوردی / (٢٠٠٦)ی زایینی / (١٣٨٥)ی هەتاوی**


**ماڵپەڕی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

www.psk2006.org

**ئیمەیلی بەشی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان .**

sarbasti_kurd@yahoo.com , sarbastikurd@gmail.com

**ناونیشانی پێوەندی گرتن بە پارتی سەربەستیی کوردستان لە ڕێگەی نامەوە.**

PSK

PB 158 NORDSTRAND.

1112 OSLO . NORWAY




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بۆ تەنیا ڕێگەی ڕزگاری و سەربەستیی نیشتمان، خەبات بکە بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان!

## سەرەتا

کورد یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی ئەم جیهانەیە کە تا ئێستا خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، ئەم نەتەوەیە کە خاوەنی فەرهەنگێکی لەمێژینە و خەباتێکی بێپسان و دوورودرێژ و خوێناوییە، هەزاران ساڵە لەو نیشتمانە پڕپیت و بەرەکەتەی دەژی کە ناوی "کوردستان"ە. کۆڵنەدەرانە و بێوچان هەردەم بۆ پاراستنی زمان، کولتوور و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی کە لە لایەن داگیرکەرانەوە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی دراوە، تا گەیشتن بە کاروانی شارستانیەتی جیهان و ژیانێکی سەربەست و ئازاد خەباتی کردووە. هەرچەندە لەم پێناوەدا تووشی هەڵدێر و کەندوکۆسپ و زۆر جارانیش بە پەلاماری هەمیشەییی دوژمن کەوتۆتە بەر هەڕەشەی جینۆسایدی ڕەگەزی، کیمیاباران و ئەنفال و تا چاوترسان و تیرۆر، بەڵام چرکەساتێکش لە خەباتی خۆی لە بەرامبەر دوژمنی شۆڤینیستی نەوەستاوە و شێلگیرانە بەربەرەکانێی کردووە. لەم نێوانەدا زۆر جارا ن داگیرکەران تاکتیکی شەڕیان گۆڕیوە، لە ڕێگای ئاژاوەگێڕی و تەماع و کەلێن ودووبەرەکی خستن لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و کەڵکلێوەرگرتنیان بۆ دامرکاندنی بزووتنەوەکانی کورد. بەداخەوە زۆر جاران سەر کەوتوون و دەسەڵاتی چەپەڵ و شۆڤینیستانەییی خۆیان بەسەر ئەم نەتەوەیە سەپاندووە و لە سەرەتاییترین مافی نەتەوایەتی، نیشتمانی و ئایینی و سەروەت و سامانی  نیشتمانەکەیان بێبەشی کردوون.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی نە زۆر دووری نەتەوەکەمان بدەینەوە باش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەچۆن سەدان ساڵە کورد لەژێر دڕندانەترین ستەم و پەلامار و ئازاردا بووە و چەندە قارەمانانەخۆڕاگر بووە تا کاروانی خەباتی تا ئێرە گەیاندووە، لاپەڕەیەک لە لاپەڕەکانی تری مێژووی هەتاهەتایە بۆ خۆی تۆمار کردووە. پاش هەوەڵین دابەشبوونی کوردستان لەنێوان ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی ( ١٥١٤)ی ز. ئیتر بەتەواوی کورد و خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو ئیمپراتۆرییەوە، هەر لەو دەمەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ کار بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کورد کرایە گەڵاڵە و دەستووری کاری دوژمنانی گەلی کورد، وە بە تەواوی هێزەوە کەوتنە دژایەتی و خنکاندن و ڕاوەدوونانی ئازادیخوازان و سەرکوتی جووڵانەوەکانی گەلی کورد، وەک مێژووی شۆڕشەکانی بابان لەساڵی (١٨٠٥)، حەمە پاشای ڕەواندوز (١٨١٤)، بەدرخانییەکان (١٨٤٢)، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) کە بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەییی خاکی کوردستان هەڵگیرسا بوون.

دوای کۆتاییی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاشکرابوونی پیلانی (سایکس پیکۆ) کە دەرەنجامەکەی دابەشبوونی کوردستان بوو بەسەر پێنج دەوڵەتی داگیرکەردا، بەڵام کوردان بەو دابەشکردنە نامرۆڤانەیەدا دانیان نەنا و تەنانەت دەتوانین بێژین یەکەمین نەتەوەش بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە دژی دەسەڵاتی ئەو کاتی ئینگلیز و داگیرکەرانی کوردستان وەستان، وە مێژووی بزووتنەوە یەک لەدوای یەکەکانی کوردی تا ئەم قۆناغەش دەیسەلمێنێ کە چەندە شێلگیرانەتر بۆ بەرگری لە ماف و داخوازییەکانیان خەباتیان کردووە و بەردەوامیش خەبات دەکەن، هەروەها بە شێوەکانی سیاسیی سەردەمی خۆیان و ڕێکخستنێکی نیزامی و ڕێکوپێک و ژیرانە هەنگاویان ناوە و خۆیان دەرخستووە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شۆڕشەکانی شێخ محموودی نەمر (١٩١٩)، سمکۆخانی شکاک (١٩٢١)، شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، شۆڕشی ئارارات، بە ڕێبەریی ئیحسان نووری پاشا (١٩٣٩)، بارزان (١٩٣١)، ڕاپەڕینی دەرسیم بە ڕێبەریی سەید ڕەزا (١٩٣٧)، ئەم ڕاستییانە دەر دەخا.

سەرەڕای ناکامکردن و تێرۆر و بۆ تاراوگەناردنی ڕێبەرانی بزووتنەوەوکە و دامرکاندنی زۆربەی شۆڕشەکان لە لایەن دوژمنانەوە، دیسان کڵپە و بڵێسەی سەربەخۆییخوازی لە هزر و بیری ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەردەم ڕوو لە گەشە و جۆش و خرۆش بووە. دوژمنانی گەلی کورد بە نرخێکی زۆر گران بەپێی بەرژەوەندخوازیی وڵاتانی دەرەوە و تەماح خستنەبەرپێیان، کوردیان فیدای سات و سەودای بازرگانی کردووە، سنووری داخوازیی چالاکیی کوردیان بەرتەسک کردووە. بەو واتایەی کە کورد لە هەر قۆناغێک کە تیایدا بووە و شۆڕشی کردووە.

پاش شکستهێنانی شۆڕشەکانی ساڵانی ٢٠ و ٣٠ و بەرتەسککردنی ویست و داواکارییەکانی کورد، ئیدی شۆڕشەکان وردە وردە ناوچەیی کران، وەک شۆڕشی بارزان، جوانرۆ، گەڵباخی، پشدەری، جەلالیان، لورستان، هەورامان، مووکریان، ئەمە خۆی لەخۆیدا نەسرەوتن تا سەرکەتنێک بووە لەو قۆناغە ئەستەم و دژوارەدا. هەر بەرهەمی گشتی ئەو خەباتانە بووە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی لە ڕۆژهەڵات بردە لووتکەی بەرزایی و، بنەمایەک بوون بۆ دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە مەهاباد، کە ئەویش دەسەڵاتی ڕامیاریی گرتە دەست و پێی نایە قۆناغیکی نوێی دیاریکردنی چارەنووسسازی گەلەکەی.

## بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان

لە پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، سەربەخۆبوونی گەلانی بندەستی، هەروەها ململانێی زلهێزانی جیهانی دژی دیکتاتۆران و ملهوڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک ڕووخانی هەردوو دەوڵەتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکانی ئەفغانستان و ڕێژیمی داگیرکەری بەعس، ڕزگاریی بەشی زۆری خاکی باشووری کوردستان لە بەردەستی داگیرکەران، هەروەها هەڕەشەی ئەمریکا و چەند وڵاتی دیکە دژی ڕێژیمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆر و داگیرکەرەکانی ئێران و سووریا، وەڵامنەدانەوە و کەللەشەقیی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت سەرۆککۆمارە تازەهەڵبژێردراوەکەی، ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوانکراو لە ئێران و خۆرهەڵاتی ولاتدا، خەبات بۆئاشتی، دێمۆکراسی و دابینکردنی مافە دیمۆکراتییەکان و مافی مرۆڤ، خەبات بۆ بەدیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تێکۆشان بۆ قەدەخەکردنی چەکی فرەکوژی دەبنە هۆی ڕوودانی کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە جیهاندا بەگشتی و لە خۆرهەڵاتی نێوین بەتایبەتی.

هەروەها ڕووداوەکانی ١١ی سپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١، ئاڵوگۆڕێکی گرنگی لە جیهان پێک هێنا، هەروەها خەبات دژی تێرۆریستان و دیکتاتۆرانی جیهانی بە سەرپەرستیی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی جیهانی دەستی پێ کرد،

ئەو گۆڕانکارییە تا ڕادەیەکی بەرچاو لە بەرژەوەندیی چەند وڵاتێکدا بوو، لە سەرەوەی هەموویان وڵاتی ئەمریکا، هەروەها نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە ئەو گۆڕانکارییانە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردیش بوو، کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی توانییان حکوومەتی کوردکوژ و دیکتاتۆری بەعس بە سەرۆکایەتیی سەدام حسێن لە عێراق لە بەین ببەن.

## خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە هەلومەرجی باسکراوی ئەمڕۆی جیهاندا، هیچ نەتەوەیەکی ٥٠ ملوێنی وەک میللەتی کورد بندەست و بێبەش لە مافی ئاسایی نەماوەتەوە و لە شێوەی کۆلۆنیدا ڕانەگیراوە. بێجگە لەو بەشەی باشووری کوردستان کە بەخۆشییەوە سەرکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە و سەرکردەکانی لە جیهاندا بە سەرکردەی ئاشتیخوازی بانگێشە کران، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن سەرۆکی عێراقی کە کوردە واتە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بە زمانی کوردی وتار خوێنرایەوە، هەروەها بەڕێز سەرۆک مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆشکی سپی ئەمریکا بانگ کرا، لای سەرۆکی ئەمریکا و بریتانیا و چەندین وڵاتی دیکە وەک سەرۆکی فیدراڵیی کوردستان پێشوازیی لێ کرا، سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی باشووری کوردستان، هەروەها ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕێژیمی داگیرکەر ڕووداوەکانی باکووری کوردستان، ناچارکردنی دەوڵەتی تورکیا بە ناسنامە و زمانی کوردی و کردنەوەی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی کوردی، کە جاران حاشای لە بوونی کورد دەکرد و بە تورکی کێوی ناوی دەبردن، هەروەها ڕووداوەکانی سووریا پاش تێرۆرکردنی "ڕەفیق حەریری" و کزبوونی زیاتری دەوڵەتی سووریا، وای کردووە کە سەرۆکی سووریا بڕیار بدا کە پێناسەی هاووڵاتییبوون بە (٣٠٠) هەزار کوردی ڕۆژاوا بدات، کە جاران بە پەنابەر یان بێگانە ناویان دەبردن.

بەخۆشییەوە لە هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان، خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووس و ژیانی سەربەخۆیی، خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری لە بندەستی و چەوساندنەوەی بێگانە و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی و خاکی لێکپچڕاوی کوردستان بە گشت شێوەیەک بەردەوامە، هەرگیز بڵێسەی ئاگری ئەم خەباتانە ناکوژێنەوە.

لەم هەلومەرجەدا کە داگیرکەرانی کوردستان بەرەو کزی دەچن، لە ڕاستیدا ئەگەر بە وشە و زاراوی سواو گۆتەنی کلاسیکییەوە نەنووسین و ژیان و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی ڕاستی و زانستی لێک بدەینەوە، کوردستان ئەگەر بە شیوەی کلاسیکیش کۆلۆنی نەبێ و دەوڵەتێکی بێگانە لەوبەری دەریاکانەوە نەهاتبێت و داگیری کردبێت، پێوەندیی ئەو حکوومەتانەی کە کوردستانیان لەنێودا دابەش کراوە لەگەڵ نەتەوەی کورد پێوەندییەکی داگیرکەرانەیە، بەڵکوو لە هیندێ بوار و بۆچووندا لەوەش خراپترە، چونکە جەوهەر و پێگەی کۆلۆنی و کۆلۆنیالیستی تەنیا داگیرکردنی وڵاتانی ئەوبەری دەریاکان نییە. بەڵکوو لە باری زانستییەوە لە شێوەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتی داگیرکەر و وڵاتی داگیرکراودا، لە بواری سیاسی و نیزامی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا خۆی دەنوێنێت. کەوا بوو بزووتنەوەی ئێستای نەتەوەی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەی نازانستی، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانییەوە وەک هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکانی بندەست نێوەڕۆکی دیموکراتی و پێشکەوتووخوازی هەیە، بەشێکە لە شۆڕشی پێشکەوتووخوازانەی دژی کۆنەپەرستی و داگیرکەر و شەڕفرۆش لە جیهاندا، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی بە واتای زانستی( ئەرکی دیموکراتی و لابردنی ستەم و دەسەڵاتی بێگانەی لەئەستۆیە).

نەتەوەی کورد کە نێشتمانەکەی دابەش کراوە، قەت ئەو سنوورە دەسکرد و زۆرەملییەی داگیرکەرانی بە ڕەسەن نەناسیوە، چونکە لە باری زمان و زێد و نیشتمان و شێوەی ژیان و بەڕێچوون و داب و شۆێنی کۆمەڵایەتی و کولتوورەوە یەک نەتەوەیە. سنوورکێشانی زۆرەملی لە کوردستاندا هەرگیز نەیتوانیوە لەتبوونی نیشتمان و لێکدابڕانی مەعنەوی و میللی بە کورد بسەلمێنی، کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بەڵگەی ڕوونی ئەم ڕاستییەیە، کە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو بەشەکانی کوردستان تێکۆشەرانی کورد بێ ئەوەی گوێ بدەنە سنووری دەستکرد و یاسای حکوومەتەکان ڕوویان دەکردە بەشە نیشتمانی ئازادکراویان و بەشداریی خەباتیان دەکرد، بەڵام بە هۆی هەلومەرجی نالەبار و داسەپاوی داگیرکەرانی کوردستان و مامەڵە و سەودای داگیرکەران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەلومەرجێکی وای پێک هێناوە کە وەک پێویست نەتوانراوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان وەک بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ٥٠ ملوێنی، بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی ستراتیژییەکی ڕوون دابڕێژێ و دروشمێکی ئەوتۆ بەرز کاتەوە، کە هەم وەڵامدەری هەلومەرجی سەردەمی ئەمڕۆی جیهان بێ، لە هەمان کاتدا بتوانێت لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری ئەم دروشمە کۆ کاتەوە.

هەر پارت و لایەنێکی بەشێکی داگیرکراوی خاکی کوردستان بە شێوەیەکی جیاواز و دوور لە لایەنەکانی دیکە خەباتی کردووە و، زۆر لە پارت و لایەنە کوردستانییەکان لەو پێناوە دەیان و هەزاران قوربانییان داوە. خەباتەکانیان جێگای ڕێز و شانازیی مێژووی کوردستانن، دیارە نابێ ئەوەش لەبیر کەین کە ئەم بارودۆخەی سەدان ساڵە بەسەر کوردستاندا سەپاوە، بووەتە هۆی ئەوە کە پێگەیشتنی مێژووی گەشەکردنی کولتووری نەتەوەیی و وریایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە بەشە جیاوازەکانی وڵاتدا بە ڕێبازی جیاواز و بە شێوەی جیاوازدا بچێتە پێش.

ئەم بارودۆخە دژوارە هاوکات لەگەڵ زوڵم و زۆر و فێڵ و تەڵەکەی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەروەها بەرژەوەندیی حکوومەتە زلهێزەکانی ناوچەش بووەتە کۆسپێک لە ڕێگای دانانی ستراتیژیی یەکگرتوو بۆ خەباتی هاوبەش لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو کۆسپە نەدەکرا هەڵبگیرێ. پێویستە بۆ داهاتوو هێزە سیاسییەکانی کورد لەم بوارەدا هەنگاوی یەکگرتووانەتر هەڵگرن.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژهە لاتی کوردستان کە لە بواری جۆگرافییەوە بەهۆی سیاسەتی داگیرکەرانەی حکوومەتە شۆڤینیستەکانەوە، بە ئێرانەوە لکێنراوە و حکوومەتی تاران بەوەش کوڵی دڵی دانەمرکاوە نیشتمانی کورد و مەڵبەندە کوردنشینەکانی بە چەند پارێزگا دابەش کردووە، هەوڵیان داوە ساڵ بە ساڵ لە ئەتڵەس و جۆگرافیای دەستکردی خۆیان لە شار و ناوچەکانی کوردستان بقرتێنن و بیخەنە سەر جۆگرافیای گەلانی دیکە و بەتایبەت ناوچە فارسنشینەکان.

ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد لە (٢٠٠ ٠٠٠) کیلۆمیتری چوارگۆشەیە، بەڵام لە ڕوانگەی داگیرکەرانەوە بە (١٥٠ ٠٠٠) کیلۆمیتری چوارگۆشەش پێوانە ناکرێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای دەیان خەبات و جووڵانەوەی نیشتمانپەروەرانە لە (ماکۆ)وە تا (ئەیوان) و (جوانڕۆ)وە، لە هەموویان گرنگتر کە بۆ یەکەم جار دەوڵەتی کوردستان لەو بەشەدا دروست کرا، کە کۆماری دیمۆکراتی کوردستان بوو، کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، کە ئەمڕۆ بووەتە مێژوویەکی پڕ لە شانازیی هەموو کوردستان، یەکێکە لە خەباتە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان ڕاگەیاندبوو، هەر چەند کە هەلومەرجی ئەو کات نەیتوانیبوو ئەو دەوڵەتە کوردییە بتوانێت بگاتە زۆربەی شارەکانی کوردستان، بەڵام لە ناوچەکانی (مووکریان) و بەشێکیش لە ناوچەکانی (ئەردەڵان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حوکمدارییان کردبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو کۆمارە تەنیا ١١ مانگ تەمەنی هەبوو، لە لایەن هێزەکانی حاکمی ئەو کاتی ئێران هێرش کرایە سەری و کۆتایی بە تەمەنی حکوومەتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێنا، هەروەها زۆر هۆی دیکەی ڕووخانی کۆماری کوردستان هەیە، کە بە پێویستی نازانین لێرەدا باسی بکەین.

بەڵگەی ڕاستییەکانی مێژوویی و جۆگرافیایی کوردستان ئەوە دەسەلمێنن کە بێجگە لە سەربەخۆیی ڕامیاری و ئابووری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بووژاندنەوە و گەشەپێدانی کولتوور و زمان و ئەدەبی نەتەوایەتی، پێمان وایە ناتوانیٚ شتێکی تر بێت. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بن دەستی وڵاتێکی داگیرکەردایە کە چەند نەتەوەی دیکە وەک دراوسێی کوردستانی تێدا دەژی و خاکی ئەوانیشیان داگیر کردووە، لە درێژەی مێژووی ئەو داگیرکردنەدا بێجگە لە نەتەوەی دەسەڵاتداری فارس، نەتەوەکانی دیکە بەگشتی لە نیشتمانی داگیرکراوی خۆیاندا لە هەر چەشنە مافێکی ڕەوای نەتەوایەتی بێبەش کراون، لە وڵاتێکی ئاوا فرەنەتەوەدا کە نەتەوەکانی تر لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا چەوسانەتەوە و لە هەموو مافێک تەنانەت لە خوێندن بە زمانی زگماکییش بێبەش کرابن، ئەوە بەڵگەیەکی ڕاستی و حاشاهەڵنەگرە کە گەلی کورد زیاد لە هەموو ئەو گەلانە بەرامبەر بە داگیرکەران خەباتی کردووە قوربانیی داوە، بەڵام لەم سەردەمەدا بە خۆشییەوە دەبینین کە خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێر ستەمی داگیرکەران لە نێو گەلانی دیکەی بندەستی ئێران سەری هەڵداوە، ئاکامی ئەو نابەرامبەری و دردۆنگی و دوژمنایەتییەی دەسەڵاتدارەکان و حکوومەتە شۆڤینیستەکان کاریگەریی زۆری لە ناخی کۆمەڵگای ئەو گەلانەشدا هەبووە، هەر بۆیە ئێستا دەبینرێت کە شۆێنەواری بیری جیابوونەوە لە ژێردەستیی داگیرکەر بێجگە لە کوردەکان لە ناو گەلانی دیکەی بندەستی ئێران پەرە دەستێنیٚ.

مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان مافێکی ڕەوایە. دەسەڵاتی هەموو نەتەوەیەک بەسەر زێد و نیشتمانی خۆیدا و کەڵکوەرگرتن لە سامانی سروشتی و بووژاندنەوەی ئابووری و فەرهەنگی و پێشخستنی کۆمەڵایەتی، مافێکی ڕەوایە، ئەو مافەش ڕاستەوڕاست لە دەسەڵاتی میللەتەوە سەرچاوە دەگریٚ و بۆ گەشانەوە و هەڵدان و سەقامگرتوویی ئەوە دەگەڕێتەوە،

بۆ 5 گەلی بندەستی ئێران چی دیکە پەسەند ناکرێت کە هەموو ئەو گەلانە لەژێر یەک ئاڵا بە ناوی ئاڵای ئێران جارێکی دیکە کۆ کرێنەوە و خاک و زێدیان داگیر بکرێت. نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پەڕی گیانبازی و فیداکاریدا هاتووەتە مەیدانی خەبات و لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا لە بەختکردنی گیان و ماڵی درێخی نەکردووە، بەڵام بەداخەوە نەک هەر نەیتوانیوە بە ئامانجی نیشتمانیی خۆی بگات بەڵکوو خراپتر لە ڕابوردوو کەوتوەتە بەر پەلامار و سەرکوتکردن و کەسایەتیی و شانازیی نەتەوایەتیی ئەو پێشێل کراوە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە و هەر بەردەوام بووە. ئەوەی کە لە هەزارەی سێهەمدا سەدەی بیست و یەک دەبینرێت دەتوانریٚ بووتریٚ بە خۆشییەوە دونیا گۆڕانێکی زۆری بەسەر هاتووە! باسی کێشەی کورد وەک ساڵان نەماوە و، ئێستا کێشەی کورد بۆ زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان ناسراوە. بەخۆشییەوە ئێستا ناوی کوردستان و مێژووەکەی چووەتە نێو کتێبی وانەوتنەوەی قوتابخانە و زانکۆکانی وڵاتانی ئورووپایی و جیهانی، بۆ نموونە لە وڵاتانی نەرویج و سوید لە کتێبەکانی جۆگرافیایی وانەوتنەوە ناوی کوردستان چووەتە ڕیزی ناوی وڵاتانی دیکەوە.هەروەها ئەو نموونانەی باشووری کوردستان کە باسمان کرد، وای کردووە کە کێشەی کورد لە جاران زیاتر بناسرێت و دەیان وتار و کتێبی بە زمانەکانی بێگانە لە سەری بنووسرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و بارودۆخی باسکراو بە هەستکردن بە بەرپرسایەتییەک کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز لە ئاستی بێبەشیی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەتەوەکەمان و چەوسانەوەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئێمە کۆمەڵێک لە سەربەخۆخوازان وشۆڕشگێران هاتینە سەر ئەو بڕیارە کە لە ڕێکخراوەیەکی نوێی سەربەخۆخواز و سیاسی و پێشکەوتووخواز و نیشتمانی ودیمۆکراتیی کوردستانیدا بە ناوی "پارتی سەربەستیی کوردستان" لێک کۆ ببینەوە و، بۆ وەدیهێنانی سەربەستی و ئامانج و دروشمی پەسەندکراوی تازە خەبات بکەین و لەم ڕێگایەوە بە گوێرەی توانا، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییی خۆمان بەجێ بگەیەنین.

پارتی سەربەستیی کوردستان کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات، پێوەندیی پتەوی هاوخەباتی و هاوکاریی لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، لە هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان دادەمەزرێنێ و، بە هەموو تواناوە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان پشتیوانی دەکات، هەروەها لە خەبات و تێکۆشانی گەلانی دیکەی بندەستی ئێران بە گوێرەی توانا پشتیوانی دەکات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پرۆگرام

## بەشی یەکەم
## ئامانجە گشتییەکان

١ـ "پارتی سەربەستیی کوردستان" نیشتمانی کورد بە هەموو پارچەکانیەوە بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردیش بە یەک نەتەوە دەناسێ، ئەو سنوورانەش کە خراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لەتیان کردووە، بە دەستکردی داگیرکەر و سنووری زۆرەملییان دەزانێ و دانانیان پێدا نانێت، بەڵام لەم هەلومەرجە ناسکەدا، پسک بەپێێ چەندین هەڵسەنگاندنێکی سیاسی و ستراتیژیی ڕۆژ لە ناوچەکەدا، خەبات و تێکۆشانی ئێستای تایبەت دەکات بۆ بەشی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی ئێران.
٢ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، خۆی بە پارتی هەموو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت، هەوڵ دەدا بۆ بەجێگەیاندنی مافەکانیان بەپێێ جارنامەی مافی مرۆڤ. بێجگە لە گەلی کورد ئەم کەمینانەش لە کوردستان دەژین بریتین لە ئازەری و ئەرمەنی. لە پرۆژە و سیاسەتی پارتی سەربەستیی کوردستاندا ئەو کەمە نەتەوانەی کوردستان بە هاووڵاتیی کوردستانی دەناسرێن، مافی هەر کەمینەیەکی دانیشتووی خاکی کوردستان وەک هاووڵاتییەکی کوردستان چاوی لێ دەکرێت و دەپارێزرێت.
٣ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، بەگوێرەی توانا لە تێکۆشانی هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان پشتیوانی دەکات.
٤ـ پارتی سەربەستیی کوردستان لە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی و دیموکراتی و ئازادیخوازیی سەرانسەری گەلانی بندەستی ئێران بە گوێرەی توانا پشتیوانی دەکات.
٥ـ پارتی سەربەستیی کوردستان، لایەنگری ئاشتی و هێمنایەتیی جیهانە، لە خەباتی گەلانی بندەست و چەوساوە بۆ ئازادی و دیموکراسی ولەنێوبردنی زوڵم و زۆری و چەوسانەوە پشتیوانی دەکات، بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ بەگوێرەی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانی جیهان تێدەکۆشێ.

## بەشی دووەم
## ئامانج و دروشمە ستراتیژییەکان

دروشمی پارتی سەربەستیی کوردستان بریتییە لە:

١ـ پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ و دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
٢ـ وڵاتی دیموکراتی کوردستان بەگوێرەی یاسا و ڕێوشوێنی پەسەندکراوی زۆربەی خەڵک کاروباری دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبات.
٣ـ وڵاتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی پەرلەمانی نەتەوەیی دەبێ کە ئەندامانی ئەو پەرلەمانە پێک هاتبن لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، بەگوێرەی ئاپۆرەی خەڵک لە ناوچەکاندا لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤ـ ولآتی دیمۆكراتی كوردستان، لە ڕێگەی ئابووری و پرۆژەی دیموكراتیدا بە قازانجی زەحمەتكێشان سوود وەردەگرێت.

## بۆ ئێستای قۆناخی خەبات

٥ـ پارتی سەربەستیی كوردستان، لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا لە هەموو دەستكەوتێكی نەتەوەیی، كۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی نەتەوەكەمان لە هەر بەشێكی كوردستان وەدەستی بێنێ پشتیوانی دەكات. هەر هەنگاوێكی ئەوتۆ بە پلەیەک دەزانێ بۆ بردنەپێشی خەبات بەرەو وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی. بەڵام "پارتی سەربەستیی كوردستان"، وێڕای پشتیوانی لە هەر چەشنە سەركەوتنێكیش لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، واز لە چالاكی و تێكۆشانی سەربەخۆییخوازیی خۆی ناهێنێ، بەردەوام خەبات دەكات بۆ ئەوەی ئەو بیرە بتوانێ دەنگی زۆرینەی خەڵكی كوردستان بەدەست بێنێ.

٦ـ پارتی سەربەستیی كوردستان لە بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان هاوكات لەگەڵ بەرەو پێشبردنی ئەركی سیاسی و تەشكیلاتیی خۆی، لە كاتی ڕزگاریبوونی خاكی داگیركراوی ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەنگاوی بەپەلە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە هەڵدەگرێت:

ئا- هەوڵ دەدا بە هاوكاریی هێزەكانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵكەوە بۆ پێكهێنانی پەرلەمانی كوردستان و وەزارەتەكانی كوردستان.

ب- دانانی یاسایەكی بەپەلە، كە بە شێوەی ڕەشنووسی، لە لایەن خەڵكەوە دەنگی پێ بدرێت.

پ- پەرەدان و گەشەكردنی زمان، ئەدەب، فەرهەنگ و هونەری كوردی.

ت- ڕێزگرتن و پەرەپێدانی دابوشۆێنی نەتەوایەتیی كورد لە هەموو بەشەكانی كولتووریدا.

ج - دانانی فێرگە و قوتابخانە بە زمانی كوردی بۆ زارۆک و گەورەساڵان لە گوند و شار.

چ– ڕێكخستن و هاندانی زەحمەتكێشانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافەكانی كۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی، هەروەها بۆ دروستكردنی سەندیكا و ڕێكخراوی پیشەیی.

ح– ناسینی مافی بەرامبەریی ژن و پیاو لە هەموو بواری ژیانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و كۆمەڵایەتیدا، هاندانی ژنانی كورد بۆ پێكهێنانی ڕێكخراوی دیموكراتیی تایبەتیی خۆیان و هاتنەمەیدانی خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستی و چەوسانەوە.

خـ هاندانی لاوانی كورد بۆ فێربوون و داهاتن و پاراستنی دابونەریتی جوانی كوردەواری، پێكهێنانی ڕێكخراوی تایبەتیی خۆیان و بەشداری و چالاكیی فەرهەنگی، هونەری و خەباتی سیاسی.

د- ناسین و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەیی و كولتووریی كەمینەیەكانی دانیشتووی كوردستان و نەهێشتنی فەرق و جیاوازی و بەشداریكردنیان لە خەباتی ڕزگاریخوازی و كاروباری كۆمەڵایەتی.

ر- ڕەشكردنەوەی هەموو ئاسەوارەكانی داگیركەران لە ناوچەكانی كوردستان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## بەشی سێیەم
## ئامانجەکانی پسک لەسەر جۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئا : پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵ دەدا:

١. بۆ ناساندنی تەواوی جۆگرافیای خاکی کوردستان بە سنوورەکانیەوە لەگەڵ گەلانی دراوسێمان وەک فارس، ئازەری وعەرەب.
٢. هەوڵ دەدا بە بەڵگە و مێژوو پشتیوانیی دادوەرانی جیهانی بکات، بۆ هێنانەوەی ئەو شار و ناوچانەی کە لەسەر کوردستان دابڕاون بۆ ناو جۆگرافیای گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
٣. هەولدان بۆ زیادکردنی پارێزگاکانی کوردستان لە (٤) پارێزگا بۆ (٧) پارێزگا، بەپێی بەڵگەی مێژوویی، هەروەها یاسای سەرزمێریی جیهان بۆ پاریزگاکان.

ب : پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

تا ئەم سەردەمەی کە جووڵانەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتە تەنیا (٤) پارێزگا بە کوردستان ناسراوە، بەرنامە و پرۆژەی داهاتووی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ زیادکردنی پارێزگاکانی کوردستان لە (٤) پارێزگا بۆ (٧) پارێزگا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ پارێزگای کرماشان.
٢ـ پاریزگای ئیلام.
٣ـ پارێزگای لوڕستان.
٤ـ پارێزگای ئورمییە.
٥- پارێزگای سنە.
٦ـ پارێزگای هەورامان.
٧ـ پارێزگای مووکریان.

## بەشی چوارەم
## ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پارتی سەربەستیی کوردستان، هەوڵ دەدا بۆ:

ناساندن و ئاشکراکردنی سامانی شاراوە و داگیرکراوی ئابووریی وڵاتی کوردستان لە گشت بوارێکدا، هەروەها لە ڕێگەی حکوومەتی هەڵبژێراوی کوردستانەوە پێشنیاری بانگهێشتنی کومپانیاکانی جیهان دەکات بۆ وەگەڕخستنی ئەو سامانە شاراوانە، بۆ ئەوەی ژێر خانی ئابووریی وڵاتی کوردستان گەشە بکات.
پارتی سەربەستیی کوردستان هەوڵ دەدا کە: لە ڕێگەی داراییی سامانەکانی کوردستانەوە لە هەموو شارەکانی کوردستان زانکۆ و کارگە و شوێنی خزمەتگوزاری دروست بکات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەوڵ دەدا بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە گوندەکاندا و هەروەها هەوڵ دەدا بۆ دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ جووتیارانی کوردستان.
هەوڵ دەدا بۆ کردنەوەی کارگەی جۆراوجۆر بۆ گەشەی ئابووری لە کوردستاندا و هەروەها بانگێشەی کومپانیاکانی جیهانی دەکات بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
پارتی سەربەستیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەو بوارەدا گەلێک پێوەندی و ئاشناییی پێک هێناوە، بەردەوامیش دەبین بۆ ئاسانکاریی پێداویستییەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پێڕەوی ناوخۆی پارتی سەربەستیی کوردستان

### مادەی یەکەم: ناو

١. ناوی پارتییەکە، (پارتی سەربەستیی کوردستان) ە.
٢. ناوی پارتییەکە بە ئینگلیزی (Kurdistan Independent party) یە.
٣. کورتکراوەی پارتییەکە بە کوردی دەبێتە (پ س ك) یان (پسك). کورتکراوەکەی بە ئینگلیزی و پیتی لاتینی دەبێتە (P.S.K).

### مادەی دووەم: ئارمی پارتی و پێناسەیەکی کورتی ئارمەکە

١. نەخشەی کوردستان بە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانەوە.
٢. ڕەنگی سەوز وەك بەشێکە لە ئاڵای کوردستان، هەروەها مانای سەوزیی کوردستان دەگەیەنێ لە سروشتدا.
٣. گوڵەگەنم، بەنیشانەی دەوڵەمەندیی کوردستانە لە بواری کشتوکاڵدا.
٤. باڵندەیەکی ئازادکراو لەقەفسی داگیرکەر، بە نیشانی ڕزگاریی خاك و خەڵکی کوردستان لە قەفەسی داگیرکەران.
٥. ڕەنگی سوور وەک بەشێکە لە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان. هەروەها سوور بە مانای ئەوەیە کە گەلی کورد زۆرخوێنی ڕێژراوە لە پێناوی سەربەخۆیی و سەربەستیی کوردستان.
٦. نووسراوەی P.S.K کورتکراوەی ناوی "پارتی سەربەستیی کوردستان"ە.

### مادەی سێیەم: پێناسە

پارتی سەربەستیی کوردستان، پارتێکی ڕامیاری و دیموکراتە، لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆییی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات.
تێ دەکۆشی بۆ دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، ڕێزی بەرامبەر بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکان، هەروەها هەموو چین و توێژەکانی دانیشتووی سەر خاکی کوردستان.

### ماددەی چوارەم: ئەندامەتیی پارتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو هاونیشتمانێکی دانیشتووی کوردستان، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بژین دەتوانێ ببێتە ئەندامی پارتی سەربەستیی کوردستان، بە مەرجێک:
ئا: باوەڕەی بە سەربەخۆییی کوردستان هە بێت،
ب: تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێت،
پ: بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پارتی لا پەسند بێت. بە ئینسانێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر بناسرێ و کەسێکی زیانبەخش نەبێ بە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی.

## ماددەی پێنجەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام

دەبێت فورمی داوکاریی ئەندامەتی پڕ کاتەوە، ئەو فورمە لە لایەن نزیکترین ڕێکخراوی پسک، پەسەند بکرێت و بنێردرێتە ئۆرگانی پێوەندیدار بە وەرگرتنی ئەندامەوە.
لە لایەن چەند ئەندامێکی پ س ک لە دەرەوە یا ناوخۆی وڵاتەوە بناسرێت و ماوەی چاودێری تێپەڕ بکات،
ڕابردووی خراپی نەبێت و لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی داگیرکەرانی کوردستان پێوەندی نەبووبێت.
پێویستە دوای لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر داواکاریی بەئەندامبوون، مافی بەئەندامەوەرگیرانی لە لایەن بەرپرسی کومیسیۆنی ناوخۆ و دەرەوە واژۆ بکرێت.

## ماددەی شەشەم: ئەرکەکانی ئەندامی پسک

ئا: تێ بکۆشێ بۆ بڵاوکردنەوەی هزری نەتەویی و نیشتمانی و سەربەخۆییخوازی لە نێو چین و توێژەکانی کوردستاندا.
ب: بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتی کە لە بەرنامەکەدا هاتوون، تێ بکۆشێ و سیاسەتی پسک لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە.
پ: هەوڵ بدات بۆ پاراستنی نهێنییەکانی پسک، تەباییی نێوان ڕیزەکانی پسک و هەروەها پاراستنی پرینسیپەکانی سیاسیی پسک.
ت: پەیڕەوی تەواو بکات لەو بەرنامە و پرۆگرامەی کە پەسەندکراوی زۆرینەی دەنگی پسکە.
ج: لە ڕێکخراوێکی تایبەتیی پسک تێکۆشانی هەبێت، ئابوونەی دیاریکراوی ئەندامەتی بدات.

## ماددەی حەوتەم: ئەندامی پشتیوان

هەر کوردێک ئامادە بێت پشتیوانیی پ س ک بکات، بەڵام ئامادە نەبێت مەرجەکانی سەرەوەی ئەندامەتی جێبەجێ بکات، دەتوانرێت پلەی "ئەندام پشتیوان"ی پێ بدرێت، "ئەندامی پشتیوان" هەموو مافەکانی ئەندامەتیی نییە. وە ناتوانێت لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسی تایبەتیی ئەندام بەشداری بکات و خۆ کاندید بکات. بەڵام دەتوانێ لە ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان خۆی بپاڵێوێ و تێکۆشانی هەبێت.

## ماددەی هەشتەم: مافەکانی ئەندامی پارتی

ئەندامی پارتی سەربەستی مافی ئەوەی هەیە کە:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١. بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی پارتی، خۆی هەڵبژێرێ.
٢. لە کۆبوونەوەکانی پارتیدا ڕەخنە بگرێ و پێشنیاری پێویست بدا.
٣. لەسەر هەر ئۆرگانێك لەلای ئۆرگانی سەرەوەتر داوا پڕ کاتەوە ئەگەر شتێکی خراپی بەدی کرد.
٤. ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە ولآتانی ئورووپا، ئەمریکا، ئوسترالیا، مافی ئەوەیان هەیە: ببنە ئەندامی یەکێک لە پارتەکانی ئەو ولآتانە، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ئەو پارتانەوە کێشەی ولآتەکەیان بە دانیشتووانی ئەو ولآتە لێی دەژین بناسێنن و پشتیوانیی بۆ کۆ کەنەوە.

## ماددەی نۆیەم: لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی و سزادانی ئەندام

بۆ لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتیی هەر کەسێك دەبێت لە سەرۆکایەتییەوە پەسەند بکرێت و واژۆ بکرێت. لەبەر ئەم چەند هۆیەی خوارەوە مافی ئەندامەتی لە ئەندام وەردەگیرێتەوە:

1. دزیکردن.
2. بلآوکردنەوە ی مادەی بێهۆشکەر یا هەر شتێکی دیکەی مەترسیدار لە نێو خەڵکدا.
3. هێرشی جنسی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژن یا منداڵ.
4. نەخۆشیی دەروونی و نەمانی کۆنترۆڵی مێشکی، یا نەخۆشیی هەواگیری وەك ئایدز، فەیرۆز، هی دیکە، بەڵام هەوڵ دەدرێت بۆ هاوکاریکردنی لە بواری ماڵی و پزیشکییەوە.
5. سیخوڕیکردن بۆ داگیرکەرانی کوردستان یا پێوەندیگرتنی نهێنی بە پارتێك یا لایەنێکی دیکەوە.
6. هەڵسوکەوتی خراپ لە نێو خەڵکدا بەپێچەوانەی پرینسیپ و پێڕەوی نێوخۆی پارتی.

## ماددەی دەیەم : پەیکەری پارتی

پەیکەری بنەرەتیی شێوەی داڕشتنی پارتی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە: هەموو ئۆرگانەکانی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێنەوە.
ئۆرگانەکانی پارتی بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە. لە نێو پارتیدا بۆ هەموو ئەندامان بێ جیاوازی یەك دیسیپلین هەیە، بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ. تەکپەرستی و تەکبڕیاری و سەرەڕۆیی لە پارتیدا جێگای نییە.

## ماددەی یانزەیەم: کۆنگرەی پارتی

بەرزترین ئۆرگانی پارتی کۆنگرەیە، کۆنگرەی هەر ٣ ساڵ جارێك لە ئەندامانی ئەسڵی وجێگر و ڕاوێژکارانی کومیتەی ناوەندی، هەروەها نوێنەری تەواوی ئۆرگانەکانی پارتی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، کە بەپێی ئامارێک کە کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرە چەند مانگ پێش بەستنی کۆنگرە دیاری دەکات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەرک ودەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن :

باسکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی کە لە کۆنگرەدا دەخۆێنرێتەوە، لە کۆتاییدا لە کۆی بۆچوونەکان کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر دەدا. بەشێکی دیکە لە کاری کۆنگرە چاوخشاندن بەسەر ڕێبازی گشتیی سیاسی و ستراتیژیی تاکتیکیی پارتی، پێداچوونە بەسەر بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پارتی، ئەگەر پێویست بوو دەسکارییان دەکا و بە زۆرینەی دەنگ پەسەندی دەکا. ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکا و سەرۆکی گشتیی پارتی هەڵدەبژێرێ.

## مادەی دوانزەیەم: کۆنگرەی نائاسایی

کۆنگرەی ئاوارتە (نائاسایی) بە مەرجێک دەگیرێت:

ئا: لەسەر داخوازیی کۆمیتەی ناوەندی.

ب: یان لەسەر داخوازیی دوو لە سێ (٢/٣)ی ئەندامان و ڕێکخراوانی پارتی.

## مادەی سیانزەیەم. کۆنفرانسەکانی پارتی

لە نێوان ٢ کۆنگرەدا ٢ کۆنفرانس دەبێت. کۆنفرانسی یەکەم ساڵێک پاش کۆنگرە دەگیرێت، کۆنفرانسی دووەم ٦ مانگ پێش کۆنگرە دەگیرێت، کە تایبەتە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی تازەی کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی ناو پارتی و نوێنەرانی بەشدار بۆ کۆنگرە. پێشنیار و خۆئامادەکردن بۆ ئاڵوگۆڕی پێویست لە بەرنامە و تێکۆشانی پارتی. بۆ کۆنفرانسی هەر ڕێکخراویکی پارتی، نوێنەرێکی سەرۆکایەتی وەک چاودێر بەشداری دەکات.

## ماددەی چواردەیەم : کۆمیتەی ناوەندی

لە نێوان ٢ کۆنگرەدا گەورەترین دەسەڵاتی بڕیاردەر لە سیاسەتەکانی پارتی، (کۆمیتەی ناوەندی)یە.

**ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی:** بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ دەکا. بەرپرسی پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیە. ئەندامانی سەرۆکایەتیی پارتی هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسە. ڕادە و بڕی حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و بەرپرسی داهات و دەرکەوتی حیزبە. ڕێبازنامەی نێوخۆیی بۆ کاروباری خۆی و هاوهەنگاویی نێوان کۆمیسیونەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی دادەنێ. لانی کەم ساڵێ سێ جار کۆ دەبێتەوە. ئەندامانی جێگر و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشدار دەبن و دەنگی ڕاوێژکارانەیان هەیە.

کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بە بەشداریی لانی کەم دوو لە سێ (٢/٣)ی ئەندامانی ئەسڵی ڕەسمییەت پەیدا دەکەن، بڕیارەکانی وەختێك تۆمار دەکرێن کە زیاتر لە دوو لە سێ (٢/٣)ی ئەندامانی ئەسڵیی بەشدار لە کۆبوونەوەدا دەنگیان بۆ بدەن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ماددەی پانزیەم : هەڵبژاردنی ژنان بۆکۆمیتەی ناوەندی

بەپێێ ئاماری بەشداریی ژنان لە نێۆ شۆڕشی پارتی سەربەستیی کوردستاندا، هەوڵ دەدرێت لانی کەم (٣٠٪)ی ئەندامانی سەرۆکایەتیی پارتی سەربەستی کوردستان لە ژنان پێک بێت. بۆ وەدەستهێنانی ئەو ژمارەیە بۆ سەرۆکایەتیی پارتی، لە کۆنفرانسی تایبەتیی ژنانی ئە ندام لە (پ س ک) کە یەک حەفتە پێش بەستنی کۆنگرە، بەپێی دەنگی زۆرینەی ژنان، ئەو بەشە دیاریکراوەی ژنان، بۆ ئە ندامی کۆمیتەناوەندی هەڵدەبژێرن، ئیتر بەبێ هەڵبژاردنی کۆنگرە ئەوانە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین. هۆکاری ئەو جیاوازیەش بۆ ژنان ئەوەیە کە بە داخەوە ئەزموون ومێژووی زۆرلە پارتە کوردییە کان ئەوە پێشان دەدا، کە ژنان وەک پێوست لە لایەن پیاوانی بەشدار لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان دەنگیان بەدەست نەهێناوە، هەر بۆیە ژنانی کورد لە سەرۆکایەتیی شۆڕش بێبەش کراون.

## ماددی شانزەیەم : جێگری کۆمیتەی ناوەندی

لەو کەسانە پێک دێن کە دەنگی تەواویان بۆ کۆمیتەناوەندی نەهێناوە، یا ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە بۆ جێگری ناوەندی خۆیان کاندید بکەن.

جێگری کۆمیتەی ناوەندی مافی بەشداریکردنی هە موو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەناوەندیی هەیە، بەڵام مافی دەنگدانی نییە، هەر کاتێک ئەندامێکی ئەسڵیی کۆمیتەناوەندی لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەناوەندی بەشداریی نەکرد، ئەوا جێگری یەکەم مافی تەواوی وەک ئەندامی ئەسڵ لەو کۆبوونەوەدا هەیە، جێگرەکان بەپێی دەنگەکان ڕیزبەنی دەکرێن. جێگری کۆمیتەناوەندی بەبێ هەڵبژاردن دەتوانێ لە کۆنگرەدا بەشداری بکات.

## ماددەی حەڤدەیەم: سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان

سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان لە لایەن ئەندامانی بەشداری ناو کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێت.

لە پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی، نۆرە دەگاتە هەڵبژاردنی سەرۆکی گشتیی پارتی.

ئەو کەسانە دەتوانن خۆیان بۆ سەرۆکی گشتیی پارتی هەڵبژێرن دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدا بەدی بکرێت:

ئا: وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەنگیان هێنابێتەوە.

ب: لە نێۆ پارتیدا پێشتر بەرپرسایەتیی هەبووبێت وەک ئەزموونی کارکردن.

پ: لانی کەم ٣ ساڵ ئەندام بووبێت لە ناو پارتی سەربەستیی کوردستان.

تێبینی:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەگەر پێش ٣ ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی سەربەستیدا کۆنگرە بگیرێت، ئەو کەسەی کەخۆی دەپاڵێوێ بۆ سەرۆکی پارتی، دەبێت کەسێک بێت لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی سەربەستیی کوردستان.

سەرۆکی گشتی مافی ئەوەی هەیە کە: ئاگای لە هەموو کاروباری کۆمیسیۆن و ڕێکخراوەکانی پارتی بێت، پێویستە ٣ مانگ جارێك ئۆرگان و کۆمیسیۆنەکان ڕاپۆرتی کاری خۆیانیان پیشانی سەرۆکی گشتی بدەن.

## ماددەی هەژدەیەم: جێگری گشتیی سەرۆک

جێگری گشتی دەبێت یەکێک بێت لە ئەندامانی سەرۆکایەتی، لە لایەن سەرۆکی گشتییەوە دیاری دەکرێت، سەرۆکی گشتی مافی ئەوەی هەیە کە هەر کات لە کارەکانی جێگری ڕازی نەبێت بیگۆڕێت. یا هەر ساڵێک جارێک کەسێک بە جێگری دیاری بکات، بە مەبەستی پەیداکردنی ئەزموون و بارهێنانی سەرکردەی داهاتوو.

## ماددەی نۆزدەیەم: کۆمیتەی سەرۆکایەتی

ئەندامانی کۆمیتەی سەرۆکایەتی بێجگە لە سەرۆکی گشتی کە هەڵبژێراوی کۆنگرەیە، ئەوانی دیکە لە لایەن ئەندامانی ئەسڵیی کۆمیتەتی ناوەندییەوە هەڵدەبژێرێن، کە بۆ ٣ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ١ ئەندامی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرێت. ئەندامانی ئەسڵیی کۆمیتەی سەرۆکایەتی بەرپرسایەتیی پۆستە گرنگەکانی پارتیان بە ئەستۆ دەدرێت.

## ماددەی بیستەم: ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆکایەتی

ڕاوێژکاری کۆمیتە ی ناوەندی (مشاور) لە لایەن سەرۆکایەتیی پارتییەوە هەڵدەبژێردرێن.
هەروەها لە لایەن سەرۆکایەتیی پارتەوە بەرپرسیایەتیی کۆمیسیۆن و ئۆرگانەکانی دیکەیان پێ دەسپێردرێت،
کەسانێک دەبن کە لانی کەم ساڵێک وەک ئەندام لە نێو پارتیدا تێکۆشانیان هەبووبێت، دەتوانن لە تەواوی کۆوبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەشداری بکات، مافی دەنگدانی نییە بەڵام پرسی پێ دەکرێت، ڕاوێژکاران بەبێ هە ڵبژاردنی کۆنفرانسەکان دەتوانن لە کۆنگرەدا بەشداری بکەن.

## ماددەی بیست و یەکەم: کۆمیسیۆنەکانی پارتی

بەرپرسی هەر کام لە کۆمیسونەکان لە لایەن سەرکردایەتیی پارتییەوە دیاری دەکرێت.

### 1. کۆمیسیۆنی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و دەرەوە

ئا: بۆ کاری ناوخۆ، بەرپرسیاری تەواوی مەڵبەندەکان و ڕێکخستنەکانە، هەر وەها ئاگای لە کارەکانی ناوخۆی پسک دە بێت. ئاگای لە کەمووکوڕی و پێداویستییە جۆراوجۆرەکان دەبێت و لە ڕێگەی کۆمیسیۆنەوە، پێداویستییەکانی ناوخۆ دابین دەکرێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ب: بۆ كاری دەرەوە كۆمیتەیەكی تایبەتی دروست دەكات بۆ كاروباری پێوەندیی دەرەوەی پسک لەگەڵ پارتە كوردییەكان و پارت و ڕێكخراوەكانی وڵاتانی جیهان،هەر وەها بەپێی ڕێژەی ئەندامانی پسک لە وڵاتانی دەرەوەی كوردستان كۆمیتەی وڵات دادەمەزرێنێ.

**2. كۆمیسیۆنی ئابووری و دارایی**

كۆمیسیۆنی ئابووری و دارایی، بە ئاگاداریی سەرۆكی گشتیی پارتی! سەرپەرستی لە داهات و دەركەوتی داراییی پسک دەكات، مافی ئەوەی هەیە لێكوڵینەوەی پێویست لەسەر داهات و دەركەوتی پسک بكات. هە روەها پرۆژەی جۆراوجۆر دادەمەزرێنێ بۆ گەشەسەندنی ئابووریی پسک لە گشت بوارێكدا، پێویستە هەر سێ مانگ جارێك ڕاپۆرتی كارەكانی خۆی بداتەوە بە سەرۆكی پارتی.

**3. كۆمیسیۆنی كاروباری مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتی**

كۆمیسیۆنی كاروباری مرۆڤایەتی لە پسک، بۆ كاروباری پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، هەروەها هەوڵ دەدا بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر پێشێلكەرانی مافی مرۆڤ، واتە وڵاتانی داگیركەری كوردستان، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوە مرۆڤدۆستەكانی جیهانەوە دەبێ. دەتوانێ لە هەموو ڕێكخستنەكانی دەرەوەی وڵات وناوەوەی پارتی نوێنەری تایبەتیی خۆی هەبێت.

لێكۆڵینەوە لەسەر ڕەوشی ژنان و مناڵانی كوردستان، بارهێنانی ژنان بۆ بەشداری لە داڕشتنی سیاسەت بۆ كوردستان و هەروەها بۆ نێو ریزەكانی پسک لە بواری سیاسی و كۆمەڵایەتییەوە.

**4. كۆمیسیۆنی را گەیاندنی پارتی سەربەستیی كوردستان**

بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندنە گشتییەكانی پسك، وەك ڕۆژنامەی گشتی، ڕادیۆ، ئینتەرنێت، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی تەلەڤزیۆنێكی سەتەلایتی بۆ بڵاوكردنەوەی هزری سەربەخۆییخوازی لە ناو خەڵكی كوردستاندا.

**5. كۆمیسیۆنی ڕۆشنبیری و پەروەردە و بارهێنانی گشتی و كولتووری**

كردنەوەی خولی جیاجیا بۆ تێكۆشەران، هەوڵدان بۆ بردنەسەرەوەی پلەی زانیاری، خوێندنەوەی كتێب بە شێوەی دیاریكراو، بەستنی كۆڕ و سمینیاری جۆراوجۆر. كردنەوەی دەورەی وەرزشی لە گشت بوارەكاندا بۆ پێشمەرگە و كادرەكانی شۆڕش و بارهێنانی لاوانی وەرزشكار بۆ كوردستان. هەروەها كۆكردنەوەی زانست لە بواری وەرزش لە جیهان و كوردستاندا.

هەوڵدان لە ڕێگەی چەند مامۆستای لێزان بۆ نووسینی كتێبی وانەوتنەوە بە شێوەیەكی نەتەوەیی بۆ فێربوونی گەورەساڵان و منداڵان بە زمانی كوردی. وە لەیەك نزیككردنەوەی زاراوەكان بۆ دروستكردنی زمانێكی ستاندارد.

هەولی تایبەت بۆ كۆكردنەوەی زانستی پێویست بۆ ئەندامانی پسك بە خولی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی جۆری هزر و بیركردنەوە بكرێتەوە بۆ بردنەسەری پلەی زانیاریی ئەندامانی پسك.
گرنگیدان و پاراستنی كولتوور و فەرهەنگی كوردستان بە هەموو شێوەیەك.

**6. كۆمیسیۆنی جۆگرافیا و گەشەی سروشتی كوردستان**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆکردنەوەی زانستی پێویست لەسەر شار و شارۆچکە و نەخشەی تەواوی کوردستان.
هەوڵدان بۆ دیاریکردنی جوگرافیای گشتیی کوردستان و پاراستنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان. ناساندنی شاخ و چۆم و سەیرانگاکانی کوردستان بە جیهان. کارکردن لەسەر ئەو شار و ناوچانەی کە داگیرکەران لەسەر جوگرافیای کوردستان دایان بڕیوە.

## ماددەی بیست و دووەم: پەیکەری پارتی

بناخەی ڕێکخراوەییی پارتی شانە و ڕێکخستنە، ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر و، لە نۆ کەس زیاتر بێت. ڕێکخراوەکانی پارتی لە دێ، کۆمیتەی دێ، لە ناوچە، کۆمیتەی ناوچە، لە گەڕەك، کۆمیتە گەڕەك، لە شار، کۆمیتەی شار، لە شارستان، کۆمیتەی شارستان و، لە ناوەند، کومیتەی ناوەند بەڕێوەیان دەبا. ئەرکی شانە و ڕێکخراو و کۆمیتەکانی دێ و گەڕەك و ناوچە و شار و شارستان، بردنی سیاسەتی پارتییە بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵك و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبردنی کاروباری پارتییە. کۆمیتەی هەر ڕێکخراوێك لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرن. بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێك کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیە کە دوو ساڵ جارێك لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی پارتی ئەو ڕێکخراوە پێك دێت.

## ماددەی بیست و سێیەم: داهات و ئابووریی پارتی

داهاتی پارتی بریتییە لە حەقی ئەندامەتیی ئەندامانی پارتەکە، داهاتی بنکە و بنیاتەکانی پارتەکە، یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی پارتەکە، داهاتی پڕۆژە و بڵاوکراوەکانی پارتەکە.
..................................................
ئەم پێڕەوپرۆگرامە پێک هاتووە لە (٤) بەش و (٢٣) ماددە.

www.psk2006.org sarbasti_kurd@yahoo.com sarbastikurd@gmail.com



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

برای کردستانی مستقل

# اساسنامه حزب استقلال‌خواه کردستان

# Kurdistan Independent party

مصوب رهبریت موقت حزب استقلال‌خواه کردستان
تابستان (٢٧٠٦) کردی / (٢٠٠٦) میلادی / (١٣٨٥) خورشیدی


ماڵپەڕی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

www.psk2006.org

ئیمەیلی بەشی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان .

sarbasti_kurd@yahoo.com , sarbastikurd@gmail.com

ناونیشانی پێوەندی گرتن بە پارتی سەربەستیی کوردستان لە ڕێگەی نامەوە.

PSK

PB 158 NORDSTRAND.

1112 OSLO . NORWAY




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com